بسم الله الرحمن الرحيم

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر
Salahaddin University-Erbil

# تاوانناسی



**م.ی توانا عثمان محمدامین**

**قۆناغی سێیەم – کۆمەڵناسی**

twanaosman357@Gmail.com

**Mobile :07504859088**


Criminology


CRIME
CRIMINOLOGY
THEORIES
THOUGHT
CRIMINAL
CONSIDERED
CONTROL
PEOPLE
AREA
BEGAN
SIDE
PLACE
WITHIN
NDIVIDUAL
INDIVIDUALS
POSITIVISTS
SCHOOL
SOCIETY
BEHAVIOR
MAY
SOCIAL
GENERATIONS
HEDONISTIC
PERSON
RATIONAL
CRIMINOLOGISTS
ENVIRONMENT
CAUSES
MAKEUP
BELIEVE
COMES
SCHOOLS
THINGS
ORDER

**سوودەکانی تاوان لە ڕوانگەی دۆرکهایم:**

**١- لادان و تاوان بەها کولتورییەکانمان بۆ ڕووندەکەنەوە:**

- لادان پێمان دەڵێت چی باشە و چی خراپە.
- هەرکاتێك زانیمان **چی خراپە**، ڕاستەوخۆ بۆمان دەردەکەوێت **چی باشە**.
- بەمەش **سنور و مەودای کاری باشمان** بۆ دەردەکەوێت.
- هەرکاتێك کۆمەڵگا یان زۆرینەی کۆمەڵگا هەرکارێکی لەناو لیستی تاوان و لادانەکان **دانەنا**، واتا ئەوکارە **پەسەندە** بەلایەوە.
- **ئێمە بەهۆی کارە خراپەکانەوە، دەتوانین کارە باشەکان بدۆزینەوە.**

**٢- <u>وەڵامدانەوەی لادانەکان نیشاندەری بەها هاوبەشەکانە:</u>**

- هەرکاتێك هەموو یان زۆرینە لە کۆمەڵگەدا دژی لادان وەستانەوە؛ ئەوکات **بەهای گشتی** دەردەکەوێت کە تاچەند ڕەوشت و بەها و ڕێز؛ لەو کۆمەڵگە بایەخی هەیە.

- بێ بەها سەیرکردنی تاوان و تاوانباران دەریدەخات، تاچەند کۆمەڵگا کاری باشیان خۆشدەوێت.

- چونکە هەمووکات، مرۆڤ هەوڵدەدات ئەو کارانە بکات کە کۆمەڵگها لێی ڕازییە؛ بەمەبەستی ئەوەی **هەڵسەنگاندنێکی ئەرێنی و باش وەربگرێت**، بەکۆی گشتی ئەوانەی لە هەوڵی وەرگرتنی پێگە و ڕێزی زیاتری کۆمەڵگان، **کۆمەڵگا بۆ دۆخێکی باشتر** دەڕوات.

- بۆنمونە: ئەگەر **ڕاستگۆیی** نەبێتە هۆی **بەرزکردنەوەی شکۆ و کەسایەتی تاك**، ئەوا کەس ڕاستگۆ نابێت؛ ئەگەر مرۆڤی **درۆزن بچوك و بێ ڕێز سەیر نەکرێت**، هەمووان درۆزن دەردەچن.

- واتا ئەو **پاداشت و سزایەی بۆ کاری باش و خراپ** هەیە، کۆمەڵگە بەرەو **سەقامگیری و ئارامی دەبات.**

- **(وَلَكُمْ فِي الْقِصَاصِ حَيَاةٌ يَا أُولِي الْأَلْبَابِ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ)**

لە تۆڵەسەندنەوەدا(سزادانی تاوان)، **ژیان هەیە** ئەی هۆشمەندەکان، بۆ ئەوەی خۆپارێزبن.

**٣- وەڵامدانەوە بۆ لادان هۆکارێکە بۆ یەکێتی و هاوبەندی کۆمەڵایەتی:**

- تاوان و لادان، دەبێتە هۆی **یەکگرتویی کۆمەڵگە.**
- کاتێك کۆمەڵگە دژی تاوان و تاوانکار دەوەستێت، نیشانەی ئەوەیە دەیانەوێت پێکەوە ژیانیان بەردەوام بێت، درێژە بە ژیانی کۆمەڵایەتی بدەن.
- هەرکاتێك **دوژمنی گشتی** لە کۆمەڵگە نەما، ئەوکات **یەکگرتویی لە کۆمەڵگە نامێنیت.**
- وەستان دژی خراپەکاری مانای ئەوەیە، تاکەکان ئەو کەس و لایەنەیان قبوڵ نییە کە زیان بە بەرژەوەندی گشتی دەگەیەنێت، ئەو هەڵوێستە دەبێتە هۆی ئەوەی **تاکەکان زیاتر لەیەك نزیك ببنەوە.**
- چونکە ئێمە تاوەکو **دوژمنی هاوبەشمان زۆرتر بێت لەناو خۆماندا**، هەستی **پێکەوەبونمان زیاتر دەبێت.**

**٤- لادان دەبێتە هۆی <u>گۆڕانی کۆمەڵایەتی</u>:**

- لادان دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی ڕێژەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی.
- ئەگەر کۆمەڵگە بەشێوەیەکی ئەرێنی ڕەفتاری لەگەڵ ئەو روداوەکرد، گۆڕانێکی بەسود ڕوودەدات.
- بۆ نمونە: ئەگەر لە کۆمەڵگا **گەندەڵی** هەبوو، بەتێپەڕبونی کات **دۆخی ئابوری تێکدەچێت**؛ ئەم گەندەڵی و تێکچوونە، **بەسودە** بۆ کۆمەڵگا.
- چونکە خەڵك داوای **چاکسازی** دەکەن، ئەگەر چاکسازی کرا ئەوا **گۆڕان** دروست دەبێت، گەر ئەو گەندەڵی و داتەپینە نەبوایە، کۆمەڵگە بە کەموکوڕی دەسەڵاتی نەدەزانی، بەمەش کۆمەڵگا بەردەوام لە یەک دۆخدا دەمایەوە.

- یان کاتێك کەسێك کەسێکی دیکە دەکوژێت، رەنگە لەکاتی لێکۆڵینەوە لەو تاوانە چەندین کەموکوری دەزگای پۆلیس دەربکەوێت، بەمەش هەوڵ دەدات چاکسازی لەخۆیدا بکات. بەمەش گۆڕانکاری لە دامەزراوەی پۆلیس روودەدات.

- بەهۆی ئەو چاکسازییەوە چەندین تاوانی دیکە ئاشکرا دەکرێت.

- بەڵام ئەگەر ئەو کوشتنە یان تاوانە ڕووی نەدایە، ئەوا چەندین ووردە تاوانی دیکە ڕووی دەدا و پۆلیس پێی نەدەزانی، ئەمەش بۆخۆی **گۆڕانێکی جۆرییە**.

# بەهیوای سەرکەوتن

